سودانی پەشوازی لە سەرۆک کۆماری سەماڵی فیدراڵ دەکات

ئەمە هەینی ،سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پەشوازی کرد لە سەرۆک کۆماری سەماڵی فیدراڵ حەسەن شێخ محەمەد.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە:"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پەشوازی کرد لە سەرۆک کۆماری سەماڵی فیدراڵ حەسەن شێخ محەمەد، کە بەمەبەستی بەشداریکردن لە کارەکانی 34"ـەمین لووتکەی عەرەبی گەیشتە بەغداد، و سبەی شەممە بەغدادی پایتەخت میوانداری دەکات".

بەگوێرەی بەیاننامەکە ، سودانی جێختی "لەسەر ئامادەکردنی هەموو مەرجەکانی سەرکەوتنی لووتکەی عەرەبی کردەوە، بە دەرکردنی بەیارەکان، بەشێوەیەک لەگەڵ قەبارەی تەحەدا و پەشهاتە عەرەبی و ناوچەییەکاندا بگونجێت".

لە لای خۆیەوە سەرۆکی سەماڵ "هیوای خۆی بە سەرکەوتنی لوتکەی بەغداد دەربڕی" و جێختی لەسەر "گرنگی پێوەندییە مێژوویەکانی نێوان هەردوو وڵات و ئامادەیی بە پەرەپێدانی هاوکاری ئابووری دوولایەنە کردەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو سەرچاوە و سامانە سروشتیانەی کە وڵاتەکەی هەیەتی بەشێوەیەک سوودی بە هەردوو وڵات هەبێت".